# ڕێگای کوردستان

چوارشەممە (١)ی ئەیلول (سێپتەمبەر)ی ٢٠٠٤ ژمارە (٦٠٨) ساڵی (٥٩)

عەلی مەحمود Alimahmud٢٠٠١@yahoo.com

-بڕیار وا بوو بۆ نوێنەرایەتی کورد لە پەرلەمانی عێراق پسپۆران و شارەزایان دیاری بکرێت , تا بەباشی داکۆکی لە مافەکانی بکەن . لە دڵی خۆمدا ووتم لەوانەیە ئیمتحانی بەکەلۆری هەموو هاوڵاتییانی کوردستان بکرێت , تا لێهاتوترین کەس بدۆزرێتەوە بۆ ئەو مەجلیسەی خوا نازانێت پاو قەدەمی چۆنە بێت.کەچی ناوەکان بلاو کرایەوە خۆزگەم بە پەرلەمانی پاڵ ڕیکەکەی دارەتوو . هەندێکیان ئەبێت وەرگێڕێکیشییان بۆ دیاری کرێت, گرنگ نییە لە پەرلەماندا بەس پەنجە پێویستە نەک زمان .

-سیای ئەمەریکی هەر فایلێك ٣٠ ساڵ بمێنێتەوە لە ئەرشیفەکەی چەندە مەترسی دار بێت بلاوی دەکاتەوە, بەهۆی ئەو ئاشکراکردنەوە دەرکەوت کیسنجەری مرۆڤ دۆست دەستی لە کوشتنی ملوێنان مرۆڤی شیلی و بەرازیل و تەیموری ڕۆژهەلات و ئەندەنوسیا و ...... هەبووە .باشە مەلەفەکانی دەزگا سیخوڕییەکانی پارتەکانی کوردستان بە چەند سەت ساڵ جارێك ئاشکرا دەکرێت تا بزانیین چەند پیاو ماقوڵ و نوسەری ئازادیخواز و سەرۆکی پارتی کارتۆنی و ..... پیاوی ئەو دەزگایانە بوونە .

-پینۆتشە تا پێی کرا پەیامەکانی ئەمەریکای جێبەجێکرد , کەچی ئێستا هیچ حەسانەیەکی نەما بۆ پارێزگاریکردن, داوا لە بەرپرسانی کوردە کەم تا بارییان قورس نەبووە و هەموو حەسانەیەکییان لە دەست نەداوە هەرچی حیسابی بانکی نهێنی و مرۆڤی شاراوەو نهێنی شەڕی ناوخۆیی و تیرۆری نەیاران هەیە ئاشکرای کەن . دیموکراتییەت ئەگەر بەڕاستی هەڵکات گەردەلول و تەپ و تۆزەکەی ئەوەندە بەهێزە هەموو تەنێك دەبات بە حەل حەلەی ئاسمانا چەندە قورس بێت .

-لەبەر ئەوەی پارتەکەی محەمەد باقر حەکیم زۆر دڵی لای کوردە و بەردەوام لە ڕیزی پێشەوە بووە دژ بە ئەنفال و تەعریب و تەرحیل و لەگەڵ تەواوی مافە سیاسییەکانی کوردایە لە هەر شوێنێك بێت , بۆیە حکومەتی هەرێمی شاری سلێمانی لە پاداشتدا نەک تەنها ٣ ڕۆژ ئازیەتباری گشتی و چلەی بۆ دادەنێت بەڵکە ساڵیادیشی دەکەتاوە. خۆتان هەڵگرن بۆ یۆبیلی زیوین و زێرین ئەوجا شیوەنی شایستە دەبینن پڕ بە پێستی خۆشەویستی کورد بێت بۆی.

-یانزە ئەفسەری کورد دەنێردرێت بۆ میسر بۆ خولی ڕاهێنان , نازانم ئەمە خوێنی ١٨ پاکیزەکەی کوردە یان دیاری درۆکانی عومەر موسایە کە لە هەڵەبجە گەڕایەوە کردی ,هیوادارم ئەو پۆلیسانە کە پێیان نایە سەر خاکی میسر وەك سەرکردەکان شەرمن نەبن لە بەرامبەر چارەنوسی ١٨ پاکیزەکەی کورد .